یاریزانی پیشەگەری جیهانی یاری تەنس ڕافایەل نادال وازهێنانی لە یاری تەنس ڕاگەیاند

یاریزانی تەنسی ئیسپانی ڕافایەل نادال ماڵئاوایی لە یاریگاکانی تەنس کرد، دوای زیاتر لە 20 ساڵ لە یاریکردن و 22 نازناوی گەورە (گراند سلام).

دوایین یاری ڕافایەل نادال وەک پیشەگەر لە یاری تەنس، دەڕاندنەکەی دوێنێ سەشەممە بوو بە ئەنجامی 4-6 بەرامبەر بە یاریزان بوتیک ڤان دی زاندشولپ، کە لە ڕیزبەندی 80هەمین یاریزانە لە جامی دەیڤس، کە تیایدا ئیسپانیا بە 1-2 لە چارەکی کۆتایی پاڵەوانێتییەکەدا دەڕا.

یاریزانی پیشەگەری جیهان لە یاری تەنس، ڕافایەل نادال گوتی: "ماندوو نیم لە یاری تەنس، بەڵام ئەوە جەستەمە کە نایەوێت چیتر یاری بکات، بۆیە دەبێت ئەو بارودۆخە قبوڵ بکەم".

کورتەی ژیاننامەی ڕافایەل نادال…

یاریزانی جیهانی تەپی تەنس، ڕافایەل نادال پارەرا، لەدایکبووی 6ـی حوزەیرانی 1986 لە شاری ماناکور لە ئیسپانیا، یاریزانێکی تەنسی ئیسپانیە.

هەروەها یەکێک لەو یاریزانانەی کە لەسەر تەختی ڕیزبەندی جیهانی یاریپێکەدا دان، هەندێک لە

شیکەرەو و ڕەخنەگران یاری تێنس دەڵێن: نادال باشترین یاریزانی تێنس لە مێژووی ئەو یاریدایە، ئەمەش بەهۆی سەرکەوتنەکانی لەسەر یاریگاکانی خۆڵ بەتایبەتی، نادال شایەنی نازناوی "پاشای خۆڵ" بوو چونکە بە یاریزانێکی بەرگری پلە یەک دادەنرێت.

هافایەل نادال ژمارەی پێوانەیی هەیە لە ژمارەی بردنەوە یەک لەدوای یەکەکان لە یاریی تێنس کە تا ئێستا ماوە کە 81 بردنەوەی یەک لەدوای یەکە و بە دەڵاندنی نادال بەرامبەر یاریزانی سویسری ڕۆگەر فێدرەر کۆتایی زنجیرەی ئەو بردنەواتە هات لە یاری کۆتایی پاڵەوانێتی هامبورگ لە ساڵی 2007.

بەیە زەرەک لە ڕۆژنامەنووسان و شرەڤەکارانی وەرزشی و هەروەها یاریزانانی پێشوو، هافایەل نادال بە گەورەترین یاریزانی تێنس لە مێژوودا دادەنێن.